# تۆ و من

سیروان کاروانی

تۆ،

مەلی گراوی

زەریای خەیاڵمی

سۆزی ژیانت

لەژێر باڵ ناوە.

من،

مەلی پەڕگەندەی

بیابانی دەشت و دەرم

دێرزەمانێکە

هێزی فڕینم نەماوە.

تۆ،

لە زەریادا بە ئارەزووی

خۆت پەنگر دەگری

بۆ حەواش,

پەڕت لێ ڕوواوە

من،

لە زەریادا پشوویەکم لێ بڕێ

ڕەگی ژیانم دەبڕێ

بۆ حەواش،

ساتەژینێکم بەرنابڕێ

کەچی تۆ و من پێکڕا,

لە هەردوو, زەریا و حەوادا

یەک مەلین

لە یەک زەریا و

یەک حەوادا

تاکوو،

گرەوی ژین دەبەینەوە

لە مەلە و فڕین

سڵ ناکەینەوە.